# مەگەر کەرکوک

# دڵی کوردستان نییە؟!




شەممەی رابردوو ٢٠١٢/٤/٧ بەشی مێژووی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی ، بەچاودێری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان فیستیڤاڵێکی لەژێر ناوی (کەرکوك کوردستانە) لە هۆڵی راپەڕینی زانکۆی ناوبراو سازدا.

لە دەسپێکی فیستیڤاڵەکەدا چەندین وتار خوێندرانەوە ، دواتر هەشت سیمیناری زانستی لەسەر کەرکوك لە گۆشەنیگای جیاجیاوە پێشکەشکران ، جگە لە شانۆگەریەك کە لەلایەن خوێندکارانەوە ئامادەکرابوو ناوەندی عەلی مەردانیش فیستیڤاڵەکەیان رازاوەتر کرد بە ئاهەنگی موزایکی موزیکی کەرکوك .

لەناوەندی هۆڵەکەدا دیوار بەندیك بەچەند وێنەیەکی مێژوویی کەرکوك رازابووەوە .. لەسەر وێنەکان سێ پرسیار نوسرابوون ( کوا قەڵای کەرکوك ؟ ، کوا نەوتی کەرکوك ؟ ، کوا دەسەڵاتی کوردی لە کەرکوك ؟) بەش بەحاڵی خۆم لەو ماوە کورتە بۆ پێشکەشکردنی سیمینارەکەم دانرابوو کە لەسەر رەوشی رۆژنامەگەری کەرکوك بوو ، هەوڵی ئەوەم دا بەخێرایی لەسەر ئەو سێ پرسیارە بوەستم .. کۆمێنتی خۆم بۆ هەرسێ پرسیارەکە تۆمار بکەم .. بەم شێوەیە .

*سەبارەت بە قەڵای کەرکوك .. وتم هەمان پرسیار لە بەرێزانی لیژنەی ئامادەکار دەکەم ولێیان دەپرسم کوا قەڵای کەرکوك ؟ ئەگەر ئەو وێنەیە لەسەر باکگراوندی ریکلامی ئەم فیستیڤاڵە دانراوە .. ئەوە قەڵای کەرکوك بێت ... وانیە چونکە ئەوەی لەو وێنەیەدا هاتووە قەڵای هەولێرە نەك قەڵای کەرکوك .

قەڵاکە قەڵای هەولێر بوو لەسەری نوسرابوو کەرکوك کوردستانە.

*سەبارەت بە نەوتی کەرکوك لە کۆمێنتەکەمدا وتم : لە ١٧%ی داهاتی ئەو نەوتە ئێستا دێتە هەرێمی کوردستان کاتێکیش کە حکومەتی هەرێم هاوکارییەکی کەرکوك دەکات دەیان جار بەچاومانەوە دەدرێت وموزایەدەی دونیامان بەسەرەوە دەکەن .

*سەبارەت بەدەسەڵاتی کوردی لەکەرکوك وتم : بەڵێ لە کەرکوك دەسەڵات بەدەست کوردەوەیە و گرنگترین جومگەکانی دەسەڵات لای کوردە .. بۆمان دەرکەوت کە بەتەنها ناتوانین دەسەڵاتداری ئەو شارە بکەین گەر پێکهاتەکانی تر هاوبەش نەکەین بۆیە من پرسیارەکەم بەشێوەیەکی تر دەکەم ودەڵێم کوا پشکی کەرکوك لە دەسەڵاتی هەرێمدا .. بەتایبەت لە پەرلەمان .. پەرلەمانێك کە دوا بڕیار لەسەر چارەنووسی ئێمە دەدات نە بۆمان هەیە دەنگی بۆ بدەین و نە بۆمان هەیە نوێنەرمانی ئێدابێت .. کوا پشکی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ؟

ئەمەوێ لێرەدا جارێکی تر بێمەوە سەر پرسیاری کوا نەوتی کەرکوك؟ هەندێ قسەی ترم لەو بارەیەوە هەبوو لەبەر کەمی کات ئەو دەرفەتە نەبوو لە فیستیڤاڵەکەدا باسی بکەم .. پێم باشە لێرەدا جارێکی تر هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەم ..

یەکەم بیرە نەوتی عێراق ساڵی ١٩٢٧ لە کەرکوك لێدراوە ، ئەم بیرە لە چەند هەفتەی رابردوودا وشکی کرد دوای ئەوەی بۆ ماوەی (٨٥) ساڵی رەبەق رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی لێ دەرهێنراوە .

لەدوای پەسەندکردنی دەستوری عێراقەوە .. کێشەی هەرێم وبەغدا لەسەر وەبەرهێنانی نەوتەو یاسای نەوت و گاز بۆتە گرێ کوێرەی ئاڵۆزی پەیوەندیەکانی هەولێر و بەغدا .. بەردەوام هەموومان پشتیوانی حکومەتی هەرێم بوینە کە بەپێی دەستوور مافی وەبەرهێنانی نەوتی هەیە، بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی نەوت ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە بۆچی کەرکوك دەیەوێ هەمان مافی هەبێ .. کوردو دەسترۆکانی دەسەڵاتی کوردی لە بواری نەوتدا دژایەتی دەکەن و رێگری وئاستەنگی دەخەنە پێش و لەگەڵ نەیارانی کورددا ئیمزای لەسەر کۆدەکەنەوە ..

من سوپاسی لیژنەی ئامادەکاری ئەو فیستیڤاڵە دەکەم کە ئەو ئەرکە پیرۆزەیان خستە ئەستۆی خۆیان و سەرکەوتوانە فیستیڤاڵێکیان بۆ کەرکوك سازکرد .. لەهەمان کاتدا سوپاسی ئەو سێ پرسیارەیان دەکەم کە بەڕاستی لەجێێ خۆیدا بوو .. حەقی ئەوەیان هەیە زیاتر هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت .. لەهەمان کاتدا رەخنە لە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك دەگرم کە سەرپێیانە وەك هەواڵێکی لاوەکی ئەو فیستیڤاڵەیان بەسەر کردەوە و بایەخی پێویستیان پێنەدا ، دەکرا سود لە هەموو بڕگەو بابەتەکانی وەرگرن ..

لە کۆتایی بابەتەکەمدا لێرەوە لەناوجەرگەی کوردستانەوە بە بەرپرسە نەوتاویەکانی هەرێم دەڵێم کەرکوکیەکانیش مافی ئەوەیان هەیە سود لەنەوتی خۆیان وەرگرن لەبەر خاتر دراوسێ لەگەڵ نەیارەکانمان ئیمزامان لەسەر مەکەن .

ئەوەی بۆ ئێوە رەوایە بۆ ئێمەش رەوایە مەگەر کەرکوك دڵی کوردستان نییە ؟!

شوان داودی

shwandaudi@yahoo.com